عەلی حەمەسالح: قائیمقام و سەرکی شارەوانی چەمچەماڵ دەدەینە دادگا



عەلی حەمەسالح بڕیاردەری ڕەوتی هەوڵست لە چەمچەماڵەوە ڕایگەیاند، قائیمقامی و سەرکی شارەوانی چەمچەماڵ دەدەنە دادگا.

عەلی حەمەسالح، بڕیاردەری ڕەوتی هەوڵست، ئەمڕۆ پێنجشەممە، لە لێدوانێکدا وتی، ئەوەی دو ڕۆژە لە میدیاکانی دەسەڵاتەوە دەوترێت و بەڕێن دەدرێت، دەرکەوت جگە لە دروشم هیچی تر نییە و بەشکی ماڵەکان تەنها قوڕاون.

وتیشی، پارتی و یەکێتی ساڵەهای ساڵە ملیارەها دۆلاری ئەم خەڵکەیان دزیوە کەچی ئامادەنین هەر ماڵێك 10 هەزار دۆلاری بدەنێ کە 10 ملیۆن دۆلار دەکات.

جەختیشی کردەوە،10 ملیۆن دۆلار پارەی فرێشتنی 10 ڕۆژ کارەبایە لە چەمچەماڵەوە بە شارەکانی عێراق.

ئاماژەی بەوەشدا، تەنیا 20 ڕۆژ ئەو سەرانەیەی حزب لە بان مەقان وەریدەگرێت تەرخان بکات، ئەم دۆخە چارەسەر دەبێت.

جەختیشی کردەوە، هەمو ئەوانەی هەکاری ئەم لافاوەن دەدەینە دادگا لەسەرو هەمویانەوە قایمقام و سەرکی شارەوانی چەمچەماڵ.

هەروەها وتیشی، پێنج شوێن هەن کە ڕێەوی ئاو بون کراون بە بارەگای سەربازی یان فڕۆشراوە یاخود دراوە بە کرێ.

هەمای بێ ئەوەش کرد، ئەمانەی منایان هەیە 10 ملیار دۆلاری پێیە، لە هەزاردا یەکی ترخان بکات هەر ماڵێك کە ئاوی تێچوە، 10 هەزار دۆلاری بەردەکەوێت.

ئەوەشی خستەڕو، ئەو بەڵێنانەشی داویانە بە پارەی کارەبا و ئاو و باجی سنوری سلێمانی و گەرمیان و چەمچەماڵ و ڕاپەڕین دەیکەن و دەستناکەن بە گیرفانیاندا. ئامادەنین داهاتی هەفتەیەکی قاچاخی بدەنە ئەم خەڵکە.

وتیشی، لوتکەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی خاوەنی ملیارەها دۆلاریان هەیە دەستناکەن بە گیرفانیانا، دەیانەوێت خەرخواز هاوکاری چەمچەماڵ بکات.